# له یادی ساڵێک به سەر کۆچی دوایی (هوشەنگی گوڵشیری)دا

## چما چیرۆک دەنووسین؟*

**هوشەنگی گوڵشیری**

لە وڵاتی مندا، ئەو کەسانەی فیلمی ئەمریکی، یان، ڕووسییان بینیبێت، سەربازە ئەڵمانییەکانی شەڕی یەکەم، یان دووەمی جیهانییان بە وێنەی کۆمەڵێک ڕۆبۆت دێتە بەرچاو کە زۆربەی هەرەزۆری جاران بە ڕیز و چەکلەدەست دەخولێنەوە و تەقە لە گشت شتێکی زیندوو دەکەن. ئەمە وێنەیەکی گشتییە لە گشت سەربازەکانی ئەڵمانی. هەر بەڵایەکیش بەسەر ئەم چەشنە زیندەوەرانە بێت، هیچ تەئسیرێک لە بینەر ناکات.
بەڵام ئەگەر کەسێک ئەو شانسەی بە نسیب بووبێت کە «لە ڕۆژئاوادا هیچ باسێک نییە»ی «ئێریش ماریا ڕێمارک» یان ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکانی «هاینریش بۆل» و «ڤۆلفگانگ بۆرشێرت»یان خوێندبێتەوە، ئەم وێنە گشتییەیان لەبەر چاو دەکەوێت و سەربازە ئەڵمانییەکانیش دەبن بە خاوەنی دەروون و فەردییەت و ڕابردوو و هەنووکەیی خۆیان.
ڕێک لەم گۆشەنیگایەوەیە کە گەرەکمە تێڕوانینێک لە بواری نووسیندا بخەمە سەر ئەزموونەکانم و بڵێم چما چیرۆک دەتوانێت یارمەتیدەرێک بێت لە کێشەی لێبووردن لەنێوان گەلاندا و لە هەمان کاتدا هەوڵێک بێت بۆ لێبووردنی مرۆڤە جۆراوجۆرەکان لە ئاست یەکتردا. کەواتە ئەگەر لەمەڕ ئەزموونەکانمەوە دەدوێم، تەنیا هۆیەکەی ئەوەیە کە ئاگام لە ئەزموونەکانی خاوەنی ئەم پێنووسەیە.
بەڵام بەر لە گەیشتن بە کاکڵی مەبەست، ئەم ئاماژەیە بە پێویست دەزانم کە بڵێم: تێکڕای بۆچوونەکانم مەزەندەی منن لە کێشەی چیرۆکدا. دەزانم کە پەیف، هیچ پەیوەندیەکی بە شتی «مدلول»ەوە نییە، کەچی لە گشت زمانەکاندا دەلالەتی پەیف بۆ شتی ناولێنراو، شتێکی ڕێکەوتە. لە لایەکی ترەوە ئەم دەلالەتە شتێکی بێواستە نییە و بەر لە گشت شتێک دەگەڕێتەوە سەر مانا و دواتریش سەر خودی شتی ناولێنراو. هەمدیس دەزانم کە پەیڤی زارەکی یان نووسراو لە خەتدا دەخرێتە بەرچاو. کەواتە لە تاقە ڕەهەندێک زیاتری نییە، لە حاڵێکدا جیهانی بەرچاو و زەینی ئێمە، سێ ڕەهەندی هەیە و ئەگەر ساتی ڕوودانیشی بخەینە سەر، ڕەهەندی چوارەمیشی دەبێت. کەواتە لە جیهانی بینیندا، خشتبەندی زمانی زارەکی یان نووسراو بۆ جیهانی واقیع یان زەینی، شتێکی ناموکینە. بێجگە لەم سنووردانانە، چونکە کەرەسەکانمان تابعی زەروورەتەکانی وەک هاتنە سەر کاغەز و بوون بە کتێب و هەبوونی دەسپێک و کۆتایی چیرۆکە (لە حاڵێکدا ژیان هیچ دەسپێک و کۆتایەکی نییە) و هەروەها هاوڕەوتبوونی گشت کردارێکە لە ڕەوتی زەمەندا (لە حاڵێکدا هیچ کردارێک لە واقیعدا بە شێوەی ئەبستراکت یان تاقی تەنیا ڕوو نادات) و هەمدیس پێداویستی هەبوونی «جازیبە»ی چیرۆک، سنوورداربوونی ژمارەی کەسایەتییەکان لە ڕۆماندا و بەتایبەت لە کورتەچیرۆکدا و تاد... دەکرێت بگوترێت: ڕیالیستبوون تەنیا خەونێکە و هیچی تر نا. کەواتە ئێمە چیرۆکنووسەکان هیچ چارەیەکمان نییە، خۆدڵخۆشکردن بە واقیع نەبێت. بە تیشک خستنە سەر ئەم خەونی واقیعەیە کە من دەمەوێت بڵێم ئێمە چی دەکەین یان لە ئارەزووی هێنانەدی چ شتێکدا چیرۆک دەنووسین.
من، وا بزانم، لە تەمەنی بیستویەک یان بیستودوو ساڵییەوە شتم نووسیوە. واتە چل ساڵە کە پێموایە شت دەنووسم. هەم شیعرم نووسیوە، هەم چیرۆک و ڕەخنە. ماجێستەرەکەشم لە بەشی ئەدەبی فارسیدا، فۆلکلۆری خەڵکی ئەسفەهان بوو کە لە یارییە ناوچەییەکانەوە تا بیروباوەڕەکانی خەڵکی ڕەمەکی دەگرتە خۆ. یەک دوو ساڵیش لەگەڵ «دوستخاه»ی برادەرمدا خەریکی کۆکردنەوەی فەرهەنگی زمانی خەڵک بووین کە ڕۆژێک وازم لە گشت شتێک هێنا و هەموویم بەو بەخشی. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە زۆربەی هەرەزۆری جاران، یەک دوو سەعات درەنگ دەهاتە شوێنی دیاریکراو. لە تەمەنی بیست ساڵیشەوە تا یەک دوو ساڵ دوای شۆڕشی ئێران، خەریکی مامۆستایی بووم، هەر لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە بگرە، تا زانکۆ خەریکی دەرسگوتنەوە بووم و بە وەدەرنانم لە زانکۆ، کۆتایی پێهات. دوو جاریش لە سەردەمی «شا»دا کەوتوومەتە زیندان. لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانیشەوە (ساڵی ١٩٦٧) ئەندامی ئەم یەکیەتییە بووم. ئێستاش کە لێرەم ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کاتی یەکێتیی نووسەرانم. نزیکەی بیست ساڵیشە ژنم هێناوە و دوو منداڵم هەن: «باربەد» و «غەزەل» هاوسەرەکەشم «فەرزانە تاهیری» وەرگێڕە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ فارسی. تا ئەمڕۆش ١٧ کتێبم چاپکراوە کە بریتین لە شەش ڕۆمان و سێ چیرۆکی درێژ و سی و چەند کورتەچیرۆک. دوو کتێبی ڕەخنەشم هەن و چیرۆکێک بۆ مێردمنداڵان و لە نووسینی دوو سیناریۆشدا (کە لەسەر چیرۆکەکانم کراون بە فیلم)، هاوکاریم لەگەڵ دەرهێنەرەکەی «بەهمەنی فەرمانئارا»دا کردووە. کۆمەڵەوتارێکیشم هەن کە ڕەخنەی ئەدەبین و چاوەڕێی ئیجازەی بڵاوبوونەوەن. بە ناوی نەهێنیشەوە چەند بەرهەمێکم هەن کە خۆم لە ناوهێنانیان دەبوێرم.
بە زمانی فارسی حەوت هەشت چاوپێکەوتنی جیددیم لەگەڵ کراوە. تا ئەو شوێنەش کە من ئاگادارم و بە دەستم گەیشتووە، بەرهەمەکانم وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئەڵمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەرمەنی، ئۆردوو، کوردی و یابانی.
لە ساڵی ڕابردووشدا ناوم لەو دوو لیستەدا بووە کە دەستاودەست دەبوون و گوایە ناوەکانی ناو ئەو دوو لیستەیە دەبا کوژرابان. دوو جار بە ڕاشکاوی ویستوویانە بمانرفێنن و ئەگەر بڕوا بە قسەی برادەرەکانم بکەم، دەبێت بڵێم هەر بە هەڵکەوت زیندووم و لێرە وەستاوم.
لە تەلەفزیۆنی وڵاتەکەمدا بە جاسووسی «C.I.A» ناودێر کراوم و لە ڕۆژنامەکانی سەر بە لایەنی ڕاست، تۆمەتی جاسووسی ئەڵمانیایان خستۆتە پاڵم و لە کاتی لێپرسینەوە لە وەزیری فەرهەنگ (ئیرشاد)، نوێنەرانی دژ بە دەوڵەت دوو جار ناوی منیان هێناوە. وەزیریش لە بەرگریکردن لە کردارەکانیدا گوتی: ئێمە ئیجازەمان نەداوە کتێبەکانی گوڵشیری بڵاو بکرێنەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکانم لە دیدی نوێنەرانی پەرلەمانەوە، یەکێک لە کارە هەرە چاکەکانی وەزیری فەرهەنگ بووە.
سێ جاریش خەڵات کراوم: خەڵاتی «فرووغی فەرروخزاد» لەگەڵ «بەهرام سادقی»دا، خەڵاتی «لیلیان هێلمەن» و «دێشیل هێمت» لەلایەن ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و ئەم خەڵاتەی ئەمڕۆ: «ئێریش ماریا ڕێمارک». دەرهێنەری فیلمی «شازادە ئیحتیجاب»یش کە فیلمەکە لەسەر ڕۆمانەکەی من ساز کرابوو، خەڵاتی فێستیڤاڵی جیهانیی فیلمی تارانی بەر لە شۆڕشی ئێران وەرگرتووە.
ئێستاش سەرنووسەری مانگنامەی ئەدەبی «کارنامە»م کە تا ئێستا پێنج ژمارەی لێ بڵاو بۆتەوە.
ئاکامی ئەم چل ساڵ نووسینە کە سیوپێنج ساڵی بە شێوەیەکی جیددی بووە (چونکە تەنیا ئەم بەرهەمانەم بڵاو بوونەتەوە) تەنیا ترسی زیندان و تێرۆرە، لە لایەکی تریشەوە ئەم چیرۆکانەن کە بە ناوی منەوە چاپکراون و ناوبانگێکە لە وڵاتەکەمدا و چەند وەرگێڕانێک و ئەم خەڵاتە.
هەرشتێکیش ڕوو بدات، من دیسان دەچمەوە وڵاتەکەم تاکو بنووسم. چەند کارێکی نیوەچڵیشم هەن کە دەبێت بە ئاکامێکیان بگەیەنم. لەم چەند مانگەی کە بەسەر کوشتنی نووسەراندا تێپەڕیوە، بە دەگمەن تەنانەت بۆ کڕینی جگەرەش توانیومە لە ماڵ بچمە دەر.
یەکێک لە تاوانەکانم بۆ دەرکردن لە زانکۆ، بڵاوبوونەوەی وتارێک بووە لە گۆڤارێکدا. سێ کتێبم لە «ستۆکهۆڵم» بڵاوبوونەتەوە کە بڕوا ناکەم تا چەندین ساڵی تریش لە ئێراندا ئیجازەی چاپیان بدرێتێ. ڕۆمانێکم بیست ساڵە ئیجازەی چاپ و بڵاوبوونەوەی نەدراوەتێ. بڵاوبوونەوەی چاپی نوێیەمی ڕۆمانەکەم «شازادە ئیحتیجاب» حەوت ساڵە پێشی پێگیراوە. یانی دوای چەند جار چاپ و بڵاوبوونەوەی لە زەمانی «شا» و ڕژێمی ئێستای ئێراندا و بۆ چاپی نوێیەمیش ئیجازەیان داوە، کەچی حەوت ساڵە چاوەڕێی ئیجازەی بڵاوکردنەوەی دەکەم. بەرگی یەکەمی کۆی بەرهەمەکانیشم چوار ساڵە چاوەڕێی ئیجازەی چاپە.
ئاکامی نووسین، هەڵبەتە تەنیا ئەمە نەبووە. چەندین جار داوەتی وڵاتە جۆراوجۆرەکان کراوم و سەرەڕای ئەوەی حەقدە ساڵە هیچ کارێکی دیاریکراوم نەبووە، هەر لە ڕێگای نووسین و هەندێک جار لە ڕێگای پێداچوونەوەی کتێبی خەڵکی تر و ئێستاش بە کاری سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەدەبییەوە، ڕۆژگارم بردۆتە سەر. ماڵێکم هەیە و منیش لەو ماڵەدا ژوورێکی بچووکم هەیە بۆ کارکردن. لەم ساڵانەدا چەند ساڵێکیش لەسەر معاشی هاوسەرەکەم ژیاوین. باسمکرد کە وەرگێڕە و وا بزانم بیست کتێبێکی لە نووسەری جیاجیا و لە بواری ڕەخنە و چیرۆک و تەنانەت دەروونناسی و میعماری کردۆتە فارسی.
وێڕای هەموو ئەم شتانەش، نووسین بۆ من زەروورەت بووە. جا ئەم زەروورەتە مەترسیدار بێت یان نەبێت، ئەمەیان کێشەی دووەمە.



هوشەنگی گوڵشیری

### کەواتە ئێمە دەنووسین، چونکە ناچارین بنووسین.

لە یەکێک لەو کورتەچیرۆکانەی لە دەستپێکی نووسینمدا نووسیومە، چەند پیاوێک لەناکاو سەر بە ماڵی برادەرێکیاندا دەکەن و دوای چەند ڕووداوێک کە لەو ماڵەدا ڕوو دەدات، ماڵ بە جێ دەهێڵن. دواتر خەریکی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەن کە لەو ماڵەدا ڕوویانداوە. ئاشکرایە کە بۆچوونی جیاوازیان لەمەڕ ڕووداوەکانی ئەو شەوەوە هەیە و لە کۆتاشدا نازانن ئایا برادەرەکەیان خۆی کوشتووە یان ئەو هەموو ڕووداوانەی خوڵقاندووە تا بتوانێت بە گۆڕینی ڕواڵەتەوە خۆی لە دەست برادەرە کۆن و نوێیەکانی ڕزگار بکات.
دەبینن کە کێشەی ناسینی کەسێکی تر لە ڕێگای گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکەوە، یەکەمین هەنگاوی من بووە لە نووسیندا، کە دواتر لە زۆربەی چیرۆکەکانمدا پەرەیان پێدەدرێت. هەندێک جار ئەم هەوڵە بۆ ناسینی خود، ئەژداد و قۆناغێکی مێژووییە. شازادە ئیحتیجاب لە ڕۆمانێک هەر بەم ناوەوە، بۆ ناسینی هاوسەرەکەی، ماڵەکەی دەکاتە زیندان و کارەکەرێکیش دەخاتە بەر دەستی، تا شەوانە ئاگای لێبێت و گشت هەڵسوکەوت و قسەکانی، بۆ شازادە بگێڕێتەوە. کە هاوسەرەکەی دەمرێت، کارەکەرەکەی ناچار دەکات خۆی وەکوو هاوسەرەکەی ئارایشت بکات و لاسایی گشت جووڵە و قسەکانی ئەو بکاتەوە. لەمەودوا، کارەکەر ناچار دەبێت هەم ڕۆڵی هاوسەرەکەی بگرێتە ئەستۆ و هەم ڕۆڵی خۆی وەک کارەکەرێک. لە ئاکامیشدا دەبینین کە شازادە نە تەنیا هاوسەرەکەی نەناسیوە، تەنانەت ناوی خۆشی نازانێت.
ئێمە خەڵک بە کردار و قسەکانیانەوە دەناسینەوە، لێ چونکە ئەم شتە بەرچاوانە دەبێت لە بێژینگی زەینی ئێمەوە دەرباز بن، گشت بەڵگەکانمان ئاوێتەی پێشداوەری و بۆچوونەکانمان دەبن. لە لایەکی ترەوە، ئەم کێشانە شێوەی زمان بە خۆیانەوە دەگرن و لە قاڵبی چیرۆکدا خۆ دەنوێنن. سەرەڕای ئەمەش، داستان یەکێکە لە گرنگترین کەرەسەکانی ناسین.

### کەواتە ئێمە دەنووسین تاکو کەسەکان بناسین.

ئێمە نووسەران، هەندێک جار تەنانەت بۆ ناسینی خۆمانیش کەڵک لەم کەرەسانە وەردەگرین. سەردەمایەک، لە ساڵانی ڕابردوودا، من چیرۆکێکم نووسی و دواتر بە مەبەستی ئەزموونێک لە بواری مۆسیقای خوێندنەوەدا تۆمارم کرد. شەوێک کە دانیشتبووم و گوێم لە دەنگی خۆم دەگرت، هەر لە نەزمی دەنگی خۆمەوە بۆم دەرکەوت کە بێژەری چیرۆکەکە، عاشقە. هەندێک لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لەو شتانەوە هەڵێنجرابوون کە لە ژیانی خۆمدا ڕوویان دەدا، لێ من بە ئاگاییەوە تەنیا دەمویست حیکایەتخوانی ئەو ڕووداوانە بم. دوای ئەم چیرۆکە، من شەش چیرۆکی ترم نووسین و کەڵکم لەو شتانە وەرگرت کە ڕۆژانە بۆ خۆم ڕوویان دەدا. ئاکامەکەی حەوت چیرۆکی پێکەوەگرێدراو بوون، شتێک لە مەرزی ڕۆمان و حەوت چیرۆکی پێکەوەگرێدراو. بەشێک لە ڕەخنەگرەکان گوتوویانە کە ئەم بەرهەمە، تۆمارکردنی باری گشتیی ڕۆشنبیرانی سەردەمە لە ئاست فەرهەنگی ڕۆژئاوادا. چونکە ئافرەت لەو چیرۆکەدا ژنێکی ڕۆژئاواییە و حکایەتخوانیش مرۆڤێکی سەر بە دابونەریتی ناوچەیە. لە ئاکامدا و دوای بەسەفەرچوونی ئافرەتەکە، حیکایەتخوان دادەنیشێت، تا ئەو شتە بنووسێتەوە کە بە سەری هاتووە.

### کەواتە ئێمە دەنووسین تا بۆمان دەرکەوێت لە دنیای تایبەتیماندا چی دەگوزەرێت و کەرەسەی ئەم ناسینەش چیرۆکە.

هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا و تەنانەت چەند ساڵێکیش دوای ئەوە، زۆربەی هەرەزۆری ڕێکخراوە و پارتییە سیاسییەکان دەرکیان بەو شتە نەدەکرد کە ڕووی دەدا. لە بیرمە کاتێ کێشەی حیجاب هاتە کایەوە، زۆربەی پارتی و ڕێکخراوەکان بە بیانووی گەورەکردنەوەی سەرەکیترین کێشەی ئەو کاتە، واتە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم، دژی کێشە فەرعییەکانی وەک سەربەخۆیی تاکەکەسی دەوەستانەوە، کە گوایە تێکۆشان لە پێناو ئەم ئازادییانەدا، زەربە لە خەباتی سەرەکی دەدا. من لەو سەردەمەدا چیرۆکێکم بە ناوی «فەتحنامەی موغان» نووسی. «بەرات» پاڵەوانی ئەو چیرۆکە، مەیخانەچییە و لە خەباتکارەکانی سەردەمی «شا» بووە. چەند ساڵێک بەر لە شۆڕش مەیخانەیەک دەکاتەوە تا ببێتە شوێنگەی هاوڕێکانی. بەرات لە ڕماندنی پەیکەری «شا»دا ڕۆڵی سەرەکی هەیە و لە ئەنجامی ئەم کارەدا گوللەیەکی بەردەکەوێت و کە لە نەخۆشخانە دێتە دەرەوە، حکوومەتی نوێ دامەزراوە و هیچکەس بۆی نییە مەیخانەی هەبێت. بەرات ماوەیەک خۆی ڕادەگرێت و دواتر لە پێ دەکەوێت، بەڵام جارجارە بوتڵێک دەگەیەنێتە هاوڵەکانی. دوای چەند مانگێک، برادەرە کۆنەکانی، واتە سیاسییەکانی شار، خەریکی هوتافی «بمرێ ئەمریکا»ن و ئیتر سەری بەرات نادەن. بەڵام شەوێک هەواڵیان پێدەگات کە شوێنە پەنهانەکەی مەشرووبەکانی بەرات دۆزراوەتەوە و مەشرووبەکەیان بردووە لە دەرەوەی شار فڕێداوە. ئەوانیش چرا بە دەست وە ڕێ دەکەون تا بەشێک لەو مەشرووبەیان دەسکەوێت. لە بیاباندا دەبینن هەموو خەڵکی شار بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆن. کە دەگەنە ئەو شوێنە، خەریکی بنکۆڵکردنی زەوی دەبن و بوتڵەکان بە دەستی خوێناوییەوە دەردێنن. لەم هەڵلاوبەزمەدا پیاوەکانی ڕژێم دێن و خەڵکەکە تەوق دەدەن، وەک ئەوەی مۆغی سەردەمی ساسانی یان ئەشکانییەکان بن لەسەر زەوی پاڵیان دەخەن تا شەللاقیان لێبدەن.
هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ستایشکردن لە بۆچوونی خەییامی و بێخەبەری و مەستی لە ئارادا نییە، تەنیا لەوانەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوێت کە زۆربەی هەرەزۆری جاران، دەسەڵاتدارەکان بە بیانووی بچووک و بە ڕواڵەت پێویستەوە دەستبەکار دەبن تا لە کۆتادا مرۆڤەکان لەو قاڵبە بدەن کە خۆیان گەرەکیانە.
یەک دوو ساڵ دوای شۆڕشی ئێران و لە مەیدانی ئەدەبیاتی سیاسیدا، کەمتر کەسێک توانیبووی بڵێت کە خەریکن دەمانخەنە قاڵبێکی ترەوە، کەچی بە حوکمی کەرەسەکانی چیرۆکەوە دەکرا ببینرێت خەریکە چی ڕوو دەدات.

### کەواتە ئێمە دەنووسین تا بزانین چی ڕوودەدات.

ئەگەر بتوانین بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەسەکانی چیرۆک، مرۆڤ لە دەروونەوە ببینین، یان بتوانین فۆرمێک بەو شتە ببەخشین کە لە دەروونی خۆماندا ڕوو دەدات،

ل٢٢